# زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتی لە پرۆسەی نوێکردنەوەی داتاکانی وەزارەتی بازرگانی بەشدارن

وەزارەتی بازرگانی ڕایگەیاند: زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتی دەخرێنە ناو پرۆسەی نوێکردنەوەی داتاکانەوە، دوای ئەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای بەسرە بە فەرمی پەیوەست بوون بەو پرۆگرامە نیشتمانییە.

ئەمڕۆ هەینی، وتەبێژی فەرمی وەزارەتەکە محەمەد حەنون کەریم، لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە: لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی وەزارەتی بازرگانی بۆ نوێکردنەوەی داتا و فراوانکردنی بنکەی سودمەندانی خزمەتگوزارییە حکومییەکان، زیاتر لە 40 ملیۆن هاوڵاتی عێراقی خراونەتە ناو پرۆسەی نوێکردنەوەی داتاکانەوە، دوای ئەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و پارێزگای بەسڕە بە فەرمی پەیوەست بوون بە داتا نیشتمانییەکان بۆ نوێکردنەوەی داتان.

حەنون ئاماژەی بەوەشکرد: کارەکان بەردەوامن بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی نوێکردنەوە لە پارێزگاکانی زیقار و کەربەلای پیرۆز لە ماوەی هەفتەی داهاتوودا، ئەمەش لە چوارچێوەی پلانێکی تۆکمە بۆ گرتنەوەی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بەبێ جیاوازی.

حەنون داوای لە هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایانە کرد کە لە ئێستادا نوێکردنەوەکە دەستیکردووە، دەستبەجێ داتاکانیان نوێبکەنەوە لە ڕێگەی ناوەندە دیاریکراوەکان یان پلاتفۆرمە ئەلیکترۆنییە

پەسەندکراوەکانەوە، جەختیشیکردەوە: کە نوێکردنەوەی داتاکان هەنگاوێکی بنەڕەتییە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامی و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە حکومییەکان کە پێشکەش دەکرێن، هەروەها نوێنەرایەتی بناغەیەکی بنەڕەتییە بۆ بنیاتنانی سیستەمێکی دیجیتاڵی دادپەروەرانە و کاریگەر کە خزمەت بە هاوڵاتی عێراقی بکات.

تەئکیدیشیکردەوە: وەزارەت داوا لە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و گروپە کۆمەڵایەتییەکان دەکات هاوکار بن لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە گرنگی ئەم پرۆسەیە، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی لەسەر باشترکردنی ئەدای حکومەت و بەرزکردنەوەی کارایی دابەشکردنی خۆراك و خزمەتگوزارییەکانی دیکە. وتیشی: بەردەوام دەبین لە ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان لە پارێزگا تازە وەرگیراوەکان و هەنگاوەکانی داهاتووی مۆدێرنکردن.